# پرۆسەی شیعر نووسین و خوڵقاندنی دەقێکی شیعریی لەزۆر ڕووەوە لەیەکەمین ڕۆژی خوڵقاندنی دونیا دەچێت ..!

## دیدارێک لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی

## سازدانی: زانیار محەممەد

شیعر بۆ هەر بەردەوامە؟ ئەو جادووە چییە لە شیعردا وایکردووە کە ئینسان هێشتا شتە تایبەتییەکانی خۆی دەباتەوە ناو دنیای شیعر و لەوێڕا بە دوای خودی خۆیدا دەگەڕێت؟ بۆ پرسکردن دەربارەی شیعر و جادووەکان و ئەو ڕۆحە چاویدانەگییەی کە لە شیعردا خۆی حەشارداوە، دلاوەر قەرەداغییمان دوواند. ئەو گەڵێک هێمنانە دەدوێت و قوڵاییەکانی دونیای شیعرمان بۆ باسدەکات.

**زانیار:**
**وردەکارییەکانی هەروەکو " پیکابی سمۆرەیەکی مەست، دووکانی پەپوویەکی گوڵفرۆش، کۆترێکی رەشبین، باخێکی خزمم، نێو مستی نوقاوی گوڵێکی ژێوان، ژێر پوشێک لەبەر هەیوانی ماڵی لەقلەق، نێوان دەنووکی زەرنەقووتەیەک........" لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، بەرهەمی رامانی قووڵن، یان هەڵچوونی شاعیرانە، یا ئیلیوت گووتەنی هەڵهاتنە لە هەڵچوون، یان هەستیارییەکی بەردەوام، یاخود ئەمە تایبەتمەندییەکە و هەموو ئینسانێک خاوەنی نییە، بەڵکو ئەوە تەنها شاعیرەکانن خاوەنی راستەقینەی وەها تایبەتمەندییەکن؟**

دلاوەر قەرەداغی:

دەکرێ لێرەدا لەو چاوانە بدوێین کە هەر یەکێک لە ئێمە ژیان و دونیای پێدەبینێ ئیتر ئەو چاوانە هی شاعیر بن یان هەر کەسێکی تر. جیاوازییەکە بە ڕای من تەنها لەوێدایە کە شاعیر کەسێکە لە تافی زمان پژاندا و ڕووبەرێکی بۆ دەربڕین بە دەستەوەیە و بواری ئەوەی هەیە کە گەمە خودییەکانی خۆی لەسەر ئاستی زماندا بئەزموونێ و کاری جیاوازتر بە کەرەستەکانی نووسین بکا. پرۆسەی شیعرنووسین و خوڵقاندنی دەقێکی شیعریی بەم مانایە لە زۆر ڕووەوە لە یەکەمین ڕۆژی خوڵقاندنی دونیا دەچێ، ئەوەی هەیە و نییە وشەیە و ئەوەی دەمێنێتەوە یەک فەزای گەورەی سەرمەدییە لە ئاژاوە و تەپۆتۆز و تەنیایی و نائومێدیی و بێسەروبەریی. بەڕای من ئەوەی لەو پرۆسەیەدا جێگەی لەسەر وەستان و سەرنجە بریتییە لە قەبارەی ئەو مەئلوفییەت و غەڕابەتەی کە شاعیر (ئەفرێنەر) لە یەک کاتدا دەیبەخشێت بە دونیا، بریتییە لەو هارمۆنییەتەی کە شاعیر لە پرۆسەی ئیشکردنیدا بە ئەکسیری زمان، دەیبەخشێت بە مانا و وێنە دژەکان، دەیبەخشێت بەو بوونەوەرانەی کە تا لەحزەیەک لەوەوبەر نەبوون و ئێستا هەن و وەک بەشێکی پیرۆز لە خودا خۆیان مانیفێستێرە دەکەن. لێرەدا گەر تەنها ئەرکێک کە شاعیر هەیبێت (بێگومان ئەرکێکی گەردوونی) ئەوەیە کە چۆناوچۆنی لەو مافە کەونییەی خۆی لە دروستکردنەوە و دەسکاریکردنی دونیادا بەهرەمەند دەبێت. من گەر لەم بارەیەوە کەمێک پرکێشی بکەم و پێی لێهەڵبڕم دەمەوێ بڵێم کە خودا شەش ڕۆژ ئیشی لەسەر دروستکردنی دونیا و بوونەوەرەکانی کرد و ئیدی لە ڕۆژی حەوتەمدا کە ڕۆژی پشووی خۆی بوو، ئەرکی دەسکاریکردن و تەواوکردن و ئەوەی کە خۆی نەیتوانی تەواویکا یان لانی کەم ئەوەی کە گومانی هەبوو لە ئەنجامەکانیدا و ئیدیش هیچی بۆ لێنەدەکرا، بە یەک هەگبەی گەورە لە گومانەوە، بەخشییە شاعیران تا بە درێژایی سەدەکان مەحکوم بن بە تەواوکردن و دەسکاری کردن و ژیان بەخشین بە شتگەلێک کە لە بنەڕەتدا لە جینسی خۆی، واتە لە جینسی تەم و تەنیایی بوون. سەرنج بدە کە مەبدەئەکە

هەمان شتە، بەڵام گەر جیاوازییەک هەبێ، ئەوا لە ڕێژەی هەڵگرتنی بەرپرسیاریی و بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی گومانەکاندایە. باوەڕیش ناکەم کە خودا و شاعیر لە مەسەلەیەکی ئاوها چارەنووسسازدا هێند ناکۆک بن و لەسەر شتێکی هێند گچکۆکەیش لەیەکتر زویر بن. بەهەرحاڵ گەر خەوشێک لە دونیا و گەردووندا هەبێت ئەوا هەر بە تەنها خودا لێی بەرپرسیار نییە، بەڵکو شاعیر بەشێکی زیندووی ئەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە ئەستۆ.

**زانیار:**

**ئایا شیعر بوونەوەرێکی چێژبەخش، یان ئامرازێکی چێژ بەخش، یاخود فەزایەکی چێژبەخشە؟ دەکرێت خوێنەر لە شیعردا بە دووی چیدا بگەرێت؟ ئایا شیعر کۆمەکی ئەوەمان دەکات کە خوێندنەوە فیکرییەکانمان هەرس بکەین؟ شیعر کۆمەکی خەیاڵمان دەکات؟ ئەدی شیعر دەبێت چی بێت؟**

دلاوەر قەرەداغی:

گەر خوێنەر بە تەمای ئەوە بێت لە شیعردا بەدوای شتێکدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، ئەوا بێگومان قەت نایدۆزێتەوە، بەڵکو ئەوە شیعرە ئەو شتانە دەداتە خوێنەر کە دەکرێ بەدوایانا بگەڕێت یان شتگەلێکی بۆ هەڵبگۆزێت کە دەکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دوایاندا بگەڕێ یان لەدووی کەشفکردنیان بێت. بەم مانایە شتێک لە گەردووندا هەیە و نوقستانە، شتێک هەیە و لەگەڵ مەزەندە و دونیابینیی ئێمەدا کەم دەهێنێ، تێنوێتییەک هەیە و بە هیچ ئاوێک ناشکێ، سەفەرێک هەیە و نامانباتەوە هیچ کوێ، مردنێک هەیە و نامانفەوتێنێ، ژیانێک هەیەو پراوپڕی بینین لێوڕێژمان ناکا لە ڕوانین، ئیدی ئەوە شیعرە لە لەحزەیەکدا لە قاقڕیی هەستکردنێکی قووڵ بە عەدەمییەتدا، دەمانباتەوە سەر تەڕایی بوون، دەمانباتەوە سەر لێواری قەناعەت و دەمانباتەوە بەردەمی سەرسامیی و دەستەوەستان بوون. ئێمە دەشێ لە شیعردا بە دوای هەموو شتێکدا بگەڕێین و بە تەماحێکی منداڵانەوە لە دووی کردنەوەی هەموو نهێنییەک بین، بەڵام دواجار ئەوە شیعرە کە لە شتێکدا لە دووی ئێمەیە و لە پێچی

دێڕێکیدا دەماندۆزێتەوە و نهێنییەکی بچکۆلەیمان بە گوێدا دەچرپێنێ کە دەشێ ئێمە هەرگیز تا ئەو کاتە لەدووی ئەو نهێنییە نەبووبین.

**زانیار:**
**ئەدۆنیس گووتوویەتی (شیعر نە دەبێتە پاشکۆی ڕووداو و نە بەشێکە لە ڕووداو، بەڵکو خۆی ڕووداوێکی سەربەخۆیە). ئاخۆ دلاوەر قەرەداغی لە بارەی ڕووداوێتیی شیعرەوە چ دەبێژێت؟**

دلاوەر قەرەداغی:
بێگومان ناکرێت شیعر ببێتە پاشکۆی هیچ شتێک. شیعر خۆی لە بنەڕەتدا خۆڕاپسکانە لە پاشکۆیەتیی، لەخۆبەستنەوە بە سات و شوێن و ڕووداو و سەردەمەکانەوە. بەڵکو ئەوە ڕوداوەکانن کە هەوڵدەدەن لە ساتەوەختێکدا ببنە پاشکۆی شیعر تا بەڵکو شتێک لە نەمریی بۆ خۆیان فەراهەمکەن. ئەدی باشە کێ هێلینی دەناسی گەر لە پاشکۆی ئەسپە تیژڕۆکانی هۆمیرۆسدا سوارنەبایە و هاواری خۆی ئامێتەی حیلەی شیعریان نەکردبایە، بێگومان ئەوسا دەنگی ئەویش وەک دەنگی زۆر ژنی لەو شۆختریش، بە فەراموشیی دەسپێردرا و ئێستایش ئێمە لە ئەلیازەدا خوڕەی ڕژانی سیحرییمان نەدەژنەفت. ڕەنگە دونیای کوردی بەهۆی کارەساتە سیاسییە بەردەوامییەکانییەوە، لە هەر گەلێکی تر زیاتر باری شانی شیعری خۆی بە هەڵگرتنی ئەرکێک کە هی شیعر نییە قورس کردبێت. هێندەی شاعیرێکی داهێنەری وەک گۆران توانا و کات و سەلیقەی خۆی بەدیار سپی کردنی پرچی شیعری بۆ مۆسکۆی جوان و برای عەرەبی چاوڕەشەوە بەهەدەرداوە دەشیا گۆران حاڵیحازر دیوانەکەی تەژی تر بووایە لە شیعرگەلێکی جوانی وەک پاییز و هیوای کوڕ. ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە هەمیشە زەڕیبەی ئەو بارگرانییەی ڕووداو و کارەساتەکان کە دەخرێتە سەر شانی شیعر، شاعیرانی بەتوانا و داهێنەر لەسەر حیسابی وزە و حەوسەڵە و توانای شیعریی خۆیان دەیدەن. بێگومان بە دیوێکی تریدا

ڕووداوگەلێک کە چانسی ئەوەیان هەبوو بێت لە کاری شاعیرێکی داهێنەردا بووبێتنە شیعر، ئەوا ئیدی لە ڕووداو چوونەتە دەرەوە و ئەدۆنیس گووتەنی خۆیان بوونەتە ڕووداو، بوونەتە جومگەیەکی گرینگ لە ئیستاتیکا و لە مێژوو. دەکرێ هەر لەمبارەیەوە هەر مامۆستا گۆران خۆی نموونە بێ و لە شاعیرانی ئەم سەردەمەشمان ناکرێت چاو لە توانا و هەژموونی شاعیرێکی وەک کاک شێرکۆ بێکەس بپۆشین. بەڵام وەک باسم کرد لای ئەم پێشەنگانەی شیعری ئێمە ئەوە ڕووداوەکانن کە بوونەتە پاشکۆی شیعر نەک بە پێچەوانەوە شیعر بووبێتە پاشکۆ، دەنا خۆ زۆر جار و لای زۆر شاعیری تر نەک هەر تەنها شیعر خۆی بە ملی ڕووداوەکەدا هەڵدەواسێ بەڵکو خودی ڕووداوەکەش لە هەموو چەشنە سیحر و وزەیەکی خەیاڵ و دەربڕین بەتاڵ دەکاتەوە.

**زانیار:**

**چییە وا دەکات شیعرێک بە نەمریی بمێنێتەوە؟ کێش و سەروایە؟ زمانە؟ دونیابینی شاعیرەکەیەتی؟ شێوازە، هاوسمان گووتەنی (شیعر ئەو شتە نییە کە دەگووترێت، شێوازی گووتنی شتەکەیە)؟**

دلاوەر قەرەداغی:

لەڕاستیدا زەحمەتە گەر بمانەوێ بە وەڵامێکی کۆنکرێتیی و ڕێسێپت ئاساوە بەرەو کردنەوەی ئەو نهێنییە بچین کە ئاخۆ چ شتێک نەمریی بە دەقێکی ئەدەبیی دەبەخشێت. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هەموو تێکستێک هەر لە یەکەم ساتەوە کە دەیەوێ خۆی پیشانی دونیا بدات، بە برێکی زۆر دردۆنگیی لەحەزی مانەوە و تەماحی جاویدبوونەوە دێت. پێموایە مەسەلەی سەرەکی لەوێدا ئەوەیە کە ئەو دەنگە ناوەکییەی کە لەناو شیعردا خوڕەی دێت، تا کوێ دەگات، تا چەندێک گەردوونییە و هەڵگری ئەو فیڵەیە کە دەکرێت لەڕێگەیەوە خۆی بەسەر زەمەندا تێپەڕێنێ و دڕ بە فەوزا و دوکان و بازاڕەکانی مەدح و سەنا و میدیا و دەم لەوەڕینەکانی سەر خوانی فێستیڤاڵ و بێباکیی و هەرزانفرۆشیی و بەزم و سەفاسازیی و ڕاپی کردنی مەعیشەت و ئیمتیاز و خەڵات وەرگرتن بدات. خۆ دەشێت تێکستێک لە ئێستایدا گەلەکۆمەکێی بێدەنگیی

لێبکرێ و بپەراوێزێنرێ و سەراپای بە سکوت بئاخنرێت، بەڵام دەشێ لە سات و زەمانێکی ئارامدا، بە هەمان گوڕ و تینی دەربڕینەوە بگەڕێتەوە و وەک زێڕی ساخ خودان هەمان درەوشەی ئەووەڵینی بێت. بەڵام لە ئێستای دونیای کوردیدا چ ئومێدێک بۆ شتێکی لەو جۆرە نییە. لە راستیدا قەدەری بە کوردیی نووسین و قەتیسبوونی نووسین لەم دونیا کوردییەی ئێمەدا کە هەڵگری برێکی گەورەیە لە نائومێدیی و وەبەرهەم هێنانەوەی بوغز و لەچاڵنانی جوانیی، وەک بزانم غەمێکی گەورەی هەموو ئەو قەڵەمانەی ئێمەیە کە قەدەریان وایە بە کوردیی و هەر دەبێ تا ماون بە کوردی بنووسن. ئێمە دەبێ لەم ڕووەوە سوپاسێکی گەورەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کاک فاتیح و کاکە حەمەی کوڕی بکەین کە لەو جەنجاڵییەی دونیای ئێمەدا فریا کەوتن کە مەحوی و نالییمان بۆ چاپ و ساغ بکەنەوە کە ئێمە ئەمڕۆ لەم هەتیوییە گەورەیەدا بگەڕێینەوە لایان و تا مردن بیانخوێنینەوە. لە ڕاستیدا کێشەکە هەر بێدەنگیی کردن لە دەقێکی جوان نییە، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە کە زۆر جار دەقە جوانەکانیش کە چانسی ئەوەیان دەبێ قسەیان لەسەر بکرێت، بەناوی وروژاندنی قسەی جیددیەوە، دەبن بەژێر هوروژمی تۆپەڵە قسەوە و لەپاڵ مەدح و ستایشی بێماناداا زەبرێکی کوشندە لە دونیای جوانی دەقەکە دەدەن. من پێموایە ئەو تەهریج و ئیستیسهال و پیسنووسییەی کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر فەزا ئەدەبیی و ڕۆژنامەوانیی و هونەرییەکەی ئێمەی تەنیوە هێندەی ئەو گوتارە یەک دەنگ و یەک ڕیتم و یەک ڕەنگە خەتەر نییە کە بە ناوی دابڕان و جیددیەتەوە، لەنێو کایە جیاجیاکانی نووسین و ڕەخنەدا خۆی نمایش دەکات.

**زانیار:**

**دەربارەی دەربرینی شیعری چ دەبێژیت؟ ئایا ئەم جۆرە دەربرینە تەنها لە شیعردا هەیە، یاخود لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەروەکو چیرۆک و رۆمانیشدا بەدیدەکرێت؟ دەکرێت بۆ نموونە لە باسکردنی جەنگێکدا دەربرینی شیعری هەبێت؟ ئایا دەربرینی شیعری تایبەتە بە چیـــــــــی؟**

دلاوەر قەرەداغی:

دەربڕینی شیعریی تایبەتە بە هەموو شتێک لەم دونیایەی ئێمەدا هەر لە پووش و دەنکە گڵێکەوە تا دۆلفین و فیلێک. جا چ شتێک لەم گەردوونەدا هەیە کە هەڵگری بڕێکی گەورە لە شیعرییەت نەبێت. ئەوە ئێمەین، ئەوە چاوەکانی مرۆڤە کە شیعر لە قاقڕترین شتی نێو ژیانەوە، لە وشەگەلی تاق و تەنهای بەر باڕێزەی زوباندا، هەڵدەگۆزێت. دەشێ لێرەوە بکرێ پەی بە بەشێکی زۆر لەو سیحرە ببردرێ کە دەربڕینێکی ئاسایی نێو ژیانی ڕۆژانە لە تێکستێکی شیعریدا پڕمان لە غەڕابەت و سەرسوڕمان دەکا. پێموایە هیچ شتێک لەم گەردوونەدا نییە کە خاوەن ژیانی تایبەتی خۆی و هەڵگری ڕۆحێکی زیندووی خۆی نەبێ، هیچ شتێک نییە کە بە توێژاڵێک لە سیحر دەورە نەدرابێ و هێزێکی تەقینەوەیی لەخۆیدا هەڵنەگرتبێ. ئیدی ئەوە ڕوانین و ڕامان و دەستی پڕ لە میهری هونەرمەندن کە ئەو ژیانە نوستووەی ناو شتەکان دەجووڵێنن و دۆخێکی نوێی پێدەبەخشن. حاڵی حازر یەکێک لە کۆڵەگەکانی چەمکی پێداگۆگی نوێ ( بە تایبەتی لە نووسینی چیرۆک و شیعر و نیگار و کاری سینەماییدا بۆ منداڵ ) ئیشکردنە لەسەر وێناکردن و بەرجەستەکردن و ئاشناکردنی ئەو ژیانە سەربەخۆیەی شتەکان لە چواردەور و لە سروشتدا لای منداڵ و ڕاهێنانی هەر لەو سەرەتایەی تەمەنییەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن ببێتە هاوڕێی هەموو شتێک لەم دونیایەدا و چۆن دەنگیان بناسێتەوە و وەک یەکەیەکی دانەبڕاو لە سیستمە گشتییەکەی گەردوون، بە دیدێکی هەمە لایەنە و ئاڕاستە جیاوازەوە لێیان بنۆڕێ و پێوەندییان لەگەڵدا بگرێ و بیاندوێنێ و گوێیان بۆ ڕادێرێت.

**زانیار:**

**هۆکاری ئەوە چییە کە ئینسان لە ساتەکانی عاشقبووندا، لە ساتەکانی بێئومێدیدا، لە ساتەکانی تەنهایی، دڵشکان، دابڕان، ئاڵۆزییدا... هانا بۆ شیعر دەبات؟ ئاخۆ ئەرستۆتالی گووتەنی (شیعر لە چاو فەلسەفە لە ئینسان نزیکترە)؟**

دلاوەر قەرەداغی:

دەشێ هەبوونی ئەو نهێنییەی لەو گەڕانەوە هەمیشەییەماندا بۆ شیعر هەمانە، لە خودی نهێنییەکە و ئەو ئەفسوونەدا بێت کە شیعر بەهۆیەوە داگیرمان دەکات و هەر جارە و بە تەرزێک تاسەی دەکەین و دەگەڕێینەوە لای. من هەست دەکەم کە بانگێکی ناوەکی ( زۆر جار گەردوونیی ) لە ناو ئێمەی مرۆڤدا هەیە و دەنگدانەوەکەی ( کە زۆر جار خوداییە ) تەنها لە شیعردا دەبیستین، ئەوە شیعرە کە دەکرێ لە لەحزەیەک لەو لەحزانەدا کە ئاماژەتان پێدا، ڕۆحی هەپرووبنووی خۆمانی تێدا کۆکەینەوە، پشوویەکی تێدا بدەین و لێیەوە هەمدیس بە جلکە باراناوییەکانی جەنگەوە بچینەوە ناو دونیا. من بەشبەحاڵی خۆم هەستدەکەم تەنها ئەو ساتانەی کە لەگەڵ شیعردام، سەرقاڵی شتێکم و ئیشێکی گرنگم هەیە، دەنا ساڵ دوازدە مانگ و هەموو ئەوەی لە دەقیقە و سەعات و ڕۆژ و ساڵەکان دەمێنێتەوە، هەستدەکەم پیاوێکی دەستبەتاڵ و نائومێد و وەک منداڵێکی گچکە دەستوپێ سپییم. من پێویستە بڵێم کە تەنها لەنێو شیعردا و لە گەڕانەوەمدا بۆ شیعر، خاوەن ئەو ئازایەتیی و متمانەبەخۆ بوونەم کە بژیم، کە دڵم خۆش بێت بزانم شوێنێکم هەیە و دەکرێ لە قەیرانە ڕۆحییەکانمدا بە تاسەوە بم لە دەرگای بدەم و پەنای بۆ بەرم و بگەڕێمەوە لای.

**زانیار:**

**لای دلاوەر جێهێشتنی نیشتیمان واتای چی؟ مەنفا چ دەگەیەنێت؟ ئەدی غەریبی تەعبیرە لە چی؟ ( بە تایبەت کە لە برێک لە شیعرەکانتدا هەستکردنی قووڵ بە غەریبی ئامادەگی هەیە )؟**

دلاوەر قەرەداغی:

پێموایە دوای ئەو هەموو ساڵانەی شەڕ و نائومێدیی و ناهەقیی، دەبێت ئیدی خوێندنەوەی تر بۆ چەمکگەلی مەنفا و نیشتمان بکەین، بە تایبەتی کە ئیدی بەهاری ئازادیی، شازدە حەڤدە ساڵی بەسەردا تێپەڕی و نائومێدیی بە نیازی خۆ قووتارکردن، پڕ باری کەشتییەکی گەورە خەڵکی ئێمەی لە ئاوی ئێژەدا

ناشت و ئەوەشی مایەوە وەکو تۆوی گوڵی دەم با، بە جاددە و باخ و ڕێگا و شارەکانی دونیادا بڵاوبوونەوە. ئەدی بەڕاست نیشتمان چییە؟ من لە نیشتیمان بووم و لە ناوەوەڕا پڕ بووم لە غەریبیی، ئەو غەریبییەی کە ئێستا دەشێ لە شیعرەکانمدا ببینیت، هەمان ئەو غەریبییەیە کە بە کۆڵ لە نیشتمانەوە لەگەڵ خۆمدا هێناومە، ئەو پریشکی غوربەتەی کە لە هەندێ لە شیعرەکانمدا سەرنجی دەدەیت، هەمان ئەو ئاگریی غوربەتەیە کە لە نیشتیمانەوە تێمبەربووە و هەنووکەش هەر نیڵەی دێت. ئەدی بەڕاست نیشتمان چییە؟ نیشتمان عەلەم و خەریتە و بسکەی سمێڵ و ئاگری نەورۆز و سەرچۆپی کێشان و بۆنی خوێن و نەوت و خیانەت و غەدرە؟ نیشتمان گەلەکۆمەکێ و سەر بە سەری یەکەوە نان و ئینشیقاقاتی میزاجییانە و دوکانی وەلا کرین و ئایینەدەی هاوڵاتیان فرۆشتنە؟ هەمدیس دەپرسم ئەرێ بەڕاست نیشتمان چییە؟ نیشتمان کڕاندنەوەی ئێسکەکانییەتی تا سەر مۆخ؟ نازکێشانی پیاوە شەڕانیی و تاوانبار و قۆشمە و دڵڕەقەکانییەتی؟ من دەزانم ئەم نیشتمانە سەیرەی ئێمە یەک مێژووی گەورەی لەگەڵ ئیزندان و ڕاوەدوونانی پیاوە پەپوولە و بێوەیەکانی خۆیدا هەیە کە هەر لە نالی و مەولانای نەقشیی و حاجیی قادری کۆییەوە دەست پێدەکا و تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زۆر کۆمیدییانە تا سەر منالترین پیاوی کورد درێژ دەبێتەوە. دیسان دەگەڕێمەوە سەرەتا و دەڵێم دەبێ ئێمە ئیدی بە زوبانێکی دی نیشتمان بدوێنین جیاواز لە زمانی نۆستالگیا و قووڕپێوان و کڕوزانەوە. زوبانێکی جیاواز لەو زوبانەی کە تا ئێستا ئەگێندای سیاسەت لای ئێمە بە پشتیوانی سەفاسازانی ئەدەب، گوتاری ئەدەبیی ئێمەیان لە لەسەر ڕۆناوە.

هاوڵاتی: ژمارە 365
2007/10/24